# سەردانی شاندی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران






سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە ١ی خەرمانانی ٢٧٠٤ی کوردی(٢٢/٨/٢٠٠٤)، بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە یاوەری شاندێکی بەڕێوەبەرایەتی RUK ، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایان، شاندێکی ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پێشوازیی لێکرا.

ئامانجی ئەو سەردانەی ڕێبەرایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێشکەش کردنی پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و باس و وتووێژ لە سەر چەن بابەتێکی سیاسیی و گۆڕینەوەی بیروڕا لە سەر دوایین بارودۆخی کوردستان و ئێران و ناوچەکە بوو. لە باسی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا، بەڕێز کاک حسەین یەزدانپەنا خۆشحالیی RUK لە ئاکامە سیاسیەکانی کۆنگرەی ١٣ دیمۆکرات دەربڕی.

لە تەوەرەی بابەتە سیاسیەکاندا، سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان جارێکی دیکە زەرورەتی هاوکاریی و پێکهێنانی چوارچێوەیەك بۆی لە نێوان هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاتی هێنایەوە گۆڕێ و شکاندنی بنبەستنی وتووێژەکانی نێوان ئەو هێز و لایەنانەی بایەخیان بە پرسی هاوکاری، ئیئتلاف و بەرەی کوردستانی داوە، بە پێویستی دانا و داوای لە ڕێبەرایەتی دیمۆکرات کرد بەش بە حاڵی خۆی هەنگاوی پێویست هەڵگرێتەوە.

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com